- ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاڤە بکە

١- ساڵانی حەفتاکان بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵانی کورد دادەنرێت.

٢- لە سەدەی (٢٠) دا بایەخدان بە ئەدەبی منداڵان لە ئەوڕوپا ڕووی لە فراوانی کرد و گەشەکردنەکە زیاتر پەرەی سەند .

٣- نوسەرانی ئەدەبی منداڵان لە نوسینی بەرهەمەکانیاندا سوودییان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە.

٤- یەکێک لە خاسیەتەکانی ئەدەبی منداڵان بریتییە لە پابەندبوونی ڕەوشتی و شەرعی بە بنەماکانی ئایین و بەهاکانی و، تێڕوانینی گشتگیریی بۆ گەردوون و مرۆڤ و ژیان .

**٥- نوسەری منداڵان ،لە نوسینی چیرۆکێك بۆ قۆناغی ریالیستی و ئەندێشەی سنوردار ،چۆن سوود لە سیفەتی ( دابەشکردن ) وەردەگرێت.**

**٦-منداڵانی قۆناغی ئەندێشەی رەها ئەگەر وایان بەخەیاڵداهات،کە چیرۆکە خەیاڵاوی و ئەفسانەییەکان راستین،ئەوا تووشی سەرسوڕمان و پرسیارکردن دەبن،ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە ؟**

**٧- باسی گرینگی و رۆڵی (ئەدەب) بکە ،لە ڕێنماییکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرزەکاردا .**

**٨- لە سەدەی بیستەمدا گەشەکردنی ئەدەبی منداڵان رووی لە زیادبوون کرد و فراوانتر بوو، هۆیەکانی دەستنیشان بکە.**

**٩- هەنگاوەکانی شێوازی گوتنەوەی چیرۆك بژمێرەو باسی تەنها یەکێکیان بکە.**

**١٠- -(یاری کردن )دیاردەیەکی گرنگی (قۆناغی پالەوانێتییە )،هۆکارەکانی زەقی ئەو دیاردەیە ڕوونبکەوە**

**١١- ئەو سیمایانەی ، کە دەبێت لە (بابەت)دا هەبن ،چیین باسیان بکە.**

١٢- باسی ئەو ئامادەکاریانە بکە،کە پێویستە مامۆستا لە گێڕانەوەی چیرۆکێك بۆ منداڵان ڕەچاویان بکات.

١٣- ئایا دەکرێت ئەو بەرهەمانەی ، کە سەرچاوە لە جیهانی فۆلکلۆرەوە وەردەگرن ، ناوبنێین ئەدەبی منداڵان؟

١٤- بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی ئەدەبی منداڵان ، چەندین بوار هەن ،بیانژمێرەو تەنها یەکێکیان باس بکە.

| |
|---|
| ١٥- گرنگترین شاکارەکانی ئەم نوسەرانەی خوارەوە لەبواری ئەدەبی منداڵاندا ئاماژە پیٚ بکە :<br>1- چارلس بیرۆ      2- دانیاڵ دیڤۆ      3- لویس کارۆڵ |

١٦- باس لە گرینگی ئەدەبی منداڵان بکە ،لە ڕووی لایەنی ڕۆشنبیرییەوە .

١٧- لە (10) خاڵدا باس لە ئامانجەکانی گووتنەوەی چیرۆك بکە لە قۆناغە بنەڕەتیەکاندا .

١٨- گرنگترین خاسیەت و تایەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان چین ؟ باسیان بکە.

| |
|---|
| ١٩- ئەمانەی خوارەوە ڕاڤە بکە:<br>1- لە قۆناغی ریالیستی و ئەندێشەی سنوردار خەیاڵی منداڵ بەوە ناسراوە ،کە تیژ و سنوردارە . |

2-نوسەرو ڕوناکبیرانی بواری ئەدەبی منداڵان ،ساڵانی حەفتاکان بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵانی کورد دادەنێن.

٢٠- باسی مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتوو بکە.